وەزارەتی دارایی داوادەکات پەلە بکرێت لە تەواوکردنی دەسپێی خانەنشینان

ئەمڕۆ سەشەممە، وەزیری دارایی داوایکرد، پەلە بکرێت لە تەواوکردنی دەسپێی خانەنشینان، داوا لە وەزارەت و فەرمانگەکان کراوە دەسپێی ئەو فەرمانبەرانە بنێرن کەبەیاری خانەنشین بوونیان بە دەرچووە.

 وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، لە مانگی شوباتەوە تاوەکوو ئێستا زیاتر لە 10 هەزارو 200 مامۆستای خانەنشیان تەواو کراوە و بە مانگی ئایار زیاتر لە دوو هەزار خانەنشینی دیکە، ناوەکانیان داخلی لیستی مووچە دەکرێت و مووچەی پێنج مانگیان بە خەرج دەکرێتەوە.

وەزارەتی دارایی و ئابووری دەشڵێت: داوا لە وەزارەت و فەرمانگەکان دەکەین بەزوویی دەسپێی ئەو فەرمانبەرانە بنێرن کەبەیاری خانەنشین بوونیان بە دەرچووە و پەلەبکرێت لە دەرکردنی بڕیارنمایی بە جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق لەسەر سەرجەم ئاستەکان و گواستنەوەی دەسپێی خانەنشینانی سەربازی لەوەزارەتی پێشمەرگەوە بە سەر وەزارەتی دارایی.